# سەرۆکی حکومەت ... مافیەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com



بڕیاروایە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2006/2/22 پەرلەمانی کوردستان هێژا نێچیرڤان بارزانی تەکلیف بکات بۆ پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان.
ئەوە دەمێکە هیوای خەڵکی کوردستان بەو یەکگرتنەوەیە لی چونکە زۆر کۆبوونەوەی مۆزخواردنی لەسەرکراوە، هاووڵاتیان ئومێدیان زۆر کرزبووەو بە کەمی گرنگی پێدەدەن.
لە کوردستان کە بوتڵی غاز بۆتە (30) دۆلار و دەسکی بیبسی کوردەواری* (2) دۆلار، وێناچێت هاونشینانی کوردستان تەنگیان بە هەواڵی یەکگرتنەوەکە بچێت.
هێژا نێچیرڤان بارزانی کە لەدوای سەرۆکی کوردستان دووەم بەهێزترین پیاوی کوردستانە، دەکەوێتە بەردەم قورسترین ئەرکی یەکخستنەوەی ماڵی کوردان.
شەڕی ناوخۆ کە بۆشاییگەلێکی گەورەی دروست کردو تا ئەو لەحزەیە ئەنجامێکی نێگەتیڤانەی لەسەر چارەنووسی کورد چێکرد، جگە لە خودی نێچیرڤان بارزانی پێشبینی ناکرێت کەسێکی تر هەبێت بتوانێت ئەو کەلێنانە بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤانە پڕبکاتەوە لە سەرۆکایەتی حکومەت.
ئەو کە گەنجەو لەنێو سەرکردایەتی پارتی بەوە ناسراوە گرنگی بەهێزی نوێی بنیاتکەرو خاوەن پسپۆریەتیە باڵاکان دەدات بۆ گەشەپێدان و خزمەتکردن و هووشیاری بەدەر لەوەی کە ئینتمای پارتی بوونیان هەبێت یان نا بۆ نموونەش خاتوو مەهاباد قەرەداغی و دکتۆر خالید کە دوو بیرمەندی چالاك و پسپۆڕی بوارەکانی ئافرەتان و یاسای کردە ڕاوێژکارانی خۆی بەبی ئەوەی هیچیان ئینتمای پارتیان هەبێت **.
دیارە لەو ڕووەوەش هەندێك پارتی سادەش ( (کە بڕوایان بە حکومەتی تەکنۆکرات نییە) ) ڕەخنەیان لە خودی هێژا نێچیرڤان بارزانی هەیە.
کەسیەتی سەرۆکی حکومەت هەمیشە دەبێت وەها بەهێز بێت کە وەزیر و فەرمانبەرە باڵاکانی حکومەت سڵ لە هەڵە بکەنەوە لەترسی لێپێچینەوە، لەهەر حکومەتێك ئەگەر کەسیەتی وەزیرێك باڵاتر بوو لە سەرۆکی حکومەت بێ شك ئەو حکومەتە ڕوو لە گەندەڵی و شکست دەکات، لەخوێندنەوەی واقیعی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان /ئیدارەی هەولێر، سەرۆکەکەی ئەو کەسیەتە باڵایەی بەڕوونی پێوە دیاربوو.
بۆیە پێشبینی دەکرێت حکومەتی یەکگرتووی کوردستان لەم دووساڵەی کە هێژا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، هەنگاوێکی فراوان بنێت لە ڕەوتی مۆدیرن کردن و دیموکراسی کردن و بەمەدەنی کردنی حکومەت و کۆمەڵگا.

*مەبەستم توورە
** بەپێی زانیاری خۆم